# چوم مەخمووری



تەحسین تەها لەگەڵ هونەرمەند قەدریەی خەڵکی مەخموور لەساڵی ١٩٧٥

## پەیڤ و ئاواز
## تەحسین تەها/١٩٦٨

چوم مەخموری یا بیٚ دارە
ئای یای یای یای
چوم مەخموری یا بیٚ دارە
یاری یار وەرە جانیٚ
جانا من یا نازدارە
یاری یار وەرە جانیٚ
من دیڤێتن ئەز ببینم
یاری یار وەرە جانیٚ
دا ڤالا کولا ب کەوینم یار
ئای یای یای یای
دا ڤا کولا ب کەوینم
یاری یار وەرە جانیٚ
**************
چوم مەخموری یا ب جەلەبە

ئای یای یای یای
چوم مەخموری یا ب جەلەبە
یاری یار وەرە جانیٚ
ئەشق و ئەڤینی نە عەییە
ئاخ یای یای یای
واللە ئەشقی نە عەییە
ئاخ یای یای یای
واللە ئەشقی نە عەییە
یاری یار وەرە جانیٚ
************
خەلکیٚ گوندی لومەی مەکر
ئاخ یای یای یای
خەڵکی گوندی لومەی مەکر
یاری یار وەرە جانیٚ
دلیٚ ڤیٚ جانیٚ ژمن کر
یای یای یای
دلیٚ ڤیٚ جانیٚ ژمن کر
یاری یار وەرە جانیٚ

# درۆکانی دایکم



«رۆڵە برنجەکە بخۆ من برسیم نییە» ئەمە یەکەمین درۆ بوو دایکم لەگەڵ من کردی کات تێپەڕی و منیش کەمێك گەورەتر بووم، دایکم رۆژانە کارەکانی ماڵی ئەنجام ئەداو دواتر بۆ راوەماسیی رووی دەکردە رووبارە بچوکەکە، کە بەنزیك ماڵەکەماندا تێدەپەڕێت، دایکم حەزی... دەکرد ماسیم بداتێ تاباشتر گەشە بکەم و گەورە ببم، ئەو رۆژە توانیی دوو ماسی راوبکات، هێندەی نەبرد گەڕایەوە ماڵەوەو هەردوو ماسیەکەی بۆ ئامادەکردو خستییە بەردەمم، منیش دەستم بە ماسی خواردن کرد و وردە وردە یەکەمیانم تەواو کرد. بینیم دایکم خەریکە ئەو پارچە گۆشتانەی بە ئێسکی ماسیەکەوە جێمابوون جیایان دەکاتەوە و دەیانخوات، دڵخۆشبووم بەوەی دەستیی بە خواردن کرد، ماسیی دووەمم لێ نزیککردەوە تا ئەویش بخوات، بەڵام بەخێرایی گێڕایەوە بەردەمی من و وتی: «بخۆ کوڕەکەم، ئەی نازانیت من حەزم لە ماسی نییە؟»، ئەمەش دووەمین درۆی دایکم بوو کە کردی. کەمێك گەورەتر بووم و پێویست بوو روو بکەمە قوتابخانەو خوێندن، بەڵام هیچ دەستمایەیەکمان نەبوو تا دایکم کەلوپەلی قوتابخانەم بۆ بکڕێت. دایکم رێگای بازاڕی گرتەبەر و لەگەڵ جلفرۆشێکدا رێککەوتن تا جلی لێ وەربگرێتو ماڵەو ماڵ بگەڕێتو بەخانمانیی بفرۆشێتەوە، لەبەرامبەریشدا شتێك هەقدەست وەربگرێت. شەوێکی درەنگ لە شەوانی زستان، باران دەباری، دایکم هێشتا نەگەڕابووەوە ماڵەوە، منیش چاوەڕێی هاتنەوەیم دەکرد، لە ماڵ چوومە دەرو ئەو کۆڵانانەی دەوروبەریی ماڵی خۆمان گەڕام، بینیم دایکم هێشتا جلوبەرگەکانی پێیەو دەرگا بەدەرگا لە ماڵەکان دەدات، بانگم کرد «دایکە وەرە بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، درەنگەو سەرمایە، ئەوی تری هەڵگرە بۆ بەیانی». دایکم رووی تێکردم و زەردەخەنەیەکی کرد و وتیی: «کوڕم من ماندوو نیم»، ئەمەش سێیەمین درۆی دایکم بوو. گەیشتینە کۆتایی ساڵ و قوتابخانە کۆتایی دەهات، داوام لە دایکم کرد رۆژی کۆتایی قوتابخانە لەگەڵم بێت، من چوومە ناو قوتابخانە و ئەویش لە دەرەوە وەستابوو، لەبەر هەتاوی گەرمدا چاوەڕێی من بوو، کاتێك زەنگ لێیدا و کاتی تاقیکردنەوەش کۆتایی هات، هاتمە دەرەوە و قوتابخانەم بەجێهێشت. دایکم کە منی بینی گرتمیە باوەش و لەخودا داوای سەرکەوتنی بۆ کردم، پەرداخێك شەربەتی بە دەستەوەبوو کڕیبووی، تاکاتێك من لەقوتابخانە هاتمە دەرەوە بیخۆمەوە، هێندە تینوو بووم نام بەسەرمەوە و لێم خواردەوە تا تێراو بووم، دایکم منی لە باوەش گرت و هەر دەیوت «نۆشی گیانت، قەزات لەمن کەوێت»، لەوکاتەدا روخساریم بینی کە ئارەقەیەکی زۆری کردبووەوە، پەرداخە شەربەتەکەم بۆ راگرت و پێموت: «ها بیخۆرەوە دایکە»، وتی: «کوڕم خۆت بیخۆرەوە من تینووم نییە»، ئەمەش چوارەمین درۆیی ئەو بوو. لەپاش مردنی باوکم، ئەرکی بژێویی خێزانەکەمان لە ئەستۆی دایکمدا بوو، بێوەژنێك کە تەواوی بەرپرسیارێتییەکانی ژیان کەوتبووە سەرشانیی، ناچار بوو تەواوی پێویستییەکانمان دابین بکات، ژیان سەخت و دژوار بوو و ئێمەش زوربەی کات بە برسێتی دەماینەوە، مامم پیاوێکی باش بوو، ماڵیان لە نزیك ماڵی خۆمانەوە بوو، بە ئەندازەی بژێو مەمرە، خواردنی بۆ دەناردین، کاتێك بینیی حاڵمان رۆژبەرۆژ خراپتر دەبێت، ئامۆژگاریی دایکمی کرد کە شوو بە پیاوێك بکات تا خەرجییەکانیان بۆ دابین بکات، هەرچەندە دایکم هێشتا گەنج بوو، بەڵام نەچووە ژێر ئەو داوایەوە و وتیی: «من پێویستم بە بەزەیی کەس نییە»، ئەمەش پێنجەمین درۆی دایکم بوو. خوێندنم تەواو کرد و پێمابوو کە کاتی ئەوە هاتووە ئیتر دایکم پشوو بداتو ئەرکی بەرپرسیارێتی ماڵ و دابینکردنی بژێوی بداتە دەستی من، تەندروستیی کەوتبووە مەترسیەوە و ئیتر نەیدەتوانی کۆڵان و کۆڵان بگەڕێت و لە دەرگای ماڵەکان بدات و کاربکات، هەربۆیە بەیانیان زوو دەچوو سەوزەواتی جۆراوجۆری دەکڕی و لەماڵەوە پاکیدەکردن، پاشان دەیبردە سەر شەقامەکان و دەیفرۆشت، کاتێك پێموت کە واز لەو کارەی بهێنێت و دابینکردنی بژێوی بخاتە ئەستۆی من، وتی: «کوڕم پارەکانت لای خۆت کۆبکەرەوە، من بە ئەندازەی پێویست دەستمایەم هەیە»، ئەمەش درۆی شەشەمی دایکم بوو. پاش تەواوکردنی خوێندن بوومە پارێزەر، پلەکەم بەرزکرایەوە و کۆمپانیایەکی ئەڵمانی داوای لێکردم کاری بۆ بکەم، باروددۆخم رووی لە باشی کرد و گەیشتمە پلەی جێگری سەرۆکی کۆمپانیا، هەستم کرد خۆشبەختی رووی تێکردووم، لە خەونەکانمدا سەرەتایەکی نوێم بەدی دەکرد، ژیانێك کە سەرتاپای خۆشبەختی بوو، کەوتمە گەشتکردن، هەمیشە بە تەلەفون داوام لە دایکم دەکرد کە بێتە شارو لە گەڵ من بژی، کەچی دەیوت: «کوڕی خۆم، من بە خۆشگوزەرانی و ژیانی ئاسان رانەهاتووم»، ئەمەش حەوتەمین درۆ بوو کە دایکم کردی. دایکم پیر بوو و کەوتە تەمەنەوە، دووچاری شێرپەنجەی نەفرەتی بوو و پێویست بوو کەسێك بەردەوام لەلای بێت و چاودێریی بکات، بەڵام چۆن بمتوانییایە بگەمە لای دایکی بەڕێزم کە نێوانمان شارێك بوو، وازم لە هەموو شتێك هێناو چوومە دیداری دایکم، بینیم لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە کەوتووە، کاتێك دۆخی منی بینی، بزەیەکی هێنایە سەرلێوی، ناو دڵ و جگەرم بووە ئاگرێك کە خەریکبوو هەموو ئەندامەکانی لەشم بسوتێنێت، زۆر لاوازو بێهێز بوو بوو، ئەمە ئەو دایکە نەبوو کە من دەمناسی. فرمێسك لەچاوانم هاتنەخوارەوە، بەڵام دایکم دەستی کرد بە دڵدانەوەم و وتی: «مەگری کوڕم، من هەست بە هیچ ئازارێك ناکەم»، ئەمە هەشتەمین درۆی دایکم بوو. کاتێك ئەم وتانەی وت، چاوەکانی نایە سەریەك و ئیتر هەرگیز نەیکردنەوە، لەشی لە دەرد و نارەحەتیی ئەم جیهانە رزگاری بوو.

**وەرگێڕانی لەفارسییەوە:**
**ناسیح عوسمان**

# ئافرەت بە کێ رازی ئەبێت!

لە شارێك کۆمپانیایەك ئەکرێتەوە بۆ فرۆشتنی مێرد، بە جۆرێك کە ئافرەتەکان ئەرۆن خۆیان لەوێ مێردی خۆیان هەڵئەبژێرن بەپێی چەند رێنماییەك کە دانراوە بۆیان، کە ئەویش: ئافرەت بۆی هەیە تەنها یەك جار بێتە ناو دوکانەکە! وە بۆی هەیە لە یەکێك لەنهۆمەکان مێردەکەی هەڵبژێرێت، بەڵام هەرچەند برواتە نهۆمێك سەرووتر ناتوانێ لەنهۆمی خوارتر هەڵبژێرێتەوە..
ئافرەتێك چووە ئەم بازاڕی مێرد کرینە بۆی مێردێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت لەسەرەتای نهۆمی یەکەم نووسرا بوو:
پیاوان لێرە ئیشو کاریان هەیەو باوەڕیان بە خوا هەیە.
– لەسەرەتای نهۆمی دووەم نووسرا بوو:
پیاوانی ئێرە ئیشو کاریان هەیەو باوەڕیان بە خودا هەیەو منداڵەکانیان خۆش ئەوێت.
– لەسەرەتای نهۆمی سێیەم نووسرا بوو:
پیاوان لێرە ئیشو کاریان هەیەو باوەڕیان بە خودا هەیەو منداڵەکانیان خۆش ئەوێتو روخسارێکی جوانیان هەیە.
ژنەکە دڵخۆش بوو، بەڵام سەرکەوت بۆ نهۆمی سەرووتر.
– لەسەرەتای نهۆمی چوارەمدا نووسرابوو:
پیاوان لێرە ئیشو کاریان هەیەو باوەڕیان بە خودا هەیەو منداڵەکانیان خۆش ئەوێتو روخسارێکی جوانیان هەیە وە یارمەتی ژنەکانیان ئەدەن بۆ کاروباری ناو ماڵ.
ژنەکە خەریك بوو بەوە رازی بێ، بەڵام خۆی نەگرتو چووە نهۆمی سەرووتر.
– لەسەرەتای نهۆمی پێنجەمدا نووسرا بوو:
پیاوان لێرە ئیشو کاریان هەیەو باوەڕیان بە خودا هەیەو منداڵەکانیان خۆش ئەوێتو روخسارێکی جوانیان هەیە وە یارمەتی ژنەکانیان ئەدەن بۆ کاروباری ناو ماڵ وە زۆر رۆمانسین لەژیانی هاوسەریدا.
ژنەکە زۆر بەدڵی، بوو بەڵام هەر سەرکەوت لەسەرەتای نهۆمی شەشەمدا نووسرا بوو:
تۆ ئافرەتی ژمارە ٤,٣٦٣,٠١٢ کە هاتویتەتە ئەم نهۆمە، بەڵام لەم نهۆمەدا پیاوی تیادا نییە، چونکە ئەم نهۆمە بەتایبەت بۆ ئەوە دانراوە کە بیسەلمێنین ئافرەت ناتوانێ رازی ببێت بە هیچ شتێك... زۆر سوپاس بۆ سەردانت ئاگات لەخۆت بێو کاتێکی خۆش.
لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئافرەتێك بێگومان پەنجەکانی دەست وەك یەك نین وە بابەت باس لەقەناعەت ئەکات کە زۆر کەس ئێستا قەناعەتی بە هیچ نییە، لەگەڵ ئەوەی بەنرخترین گەوهەرە گەر هەر مرۆڤیك هەیبێت.



# تەوبە نامەیەك بۆ شۆخێك



**موحسن شوانی**

هۆکچە فریودراوەکە
ئەی شۆخە لەخۆباییەکە
وەرە دەستم بگرە،
تالەگێژاوی ئارەزوو دەرتبێنم !
تاکەی چاوت لەراستمندا
دادەخەیت و
نایەیت لەگەڵ پەروەردگار
راتبهێنم!؟
شەرم مەکە ، بەدوام کەوە
بەسیە ئیتر ئەو دەستانەت
لەنێودەستە چڵکنەکان مەئاڵێنە
ئیتر وێنەت لەپیشانگای
نمایشی شاجوانانی کۆلیژەکەت
دەربهێنە
بۆ دواجاریش
دەستنوێژێکی تاهەتایە
لەمن لەئەو لەوان لەگشت بشۆرەوە
دەستێکی پاك
بەروخسارت دابهێنە
..................
تەنیا یەك جار گوێم لێگرە
ئەو نامەیەم لێوەرگرە
ئاخر ئەم کاغەزەی دەستم
فریاد رەسە
واتێنەگەی ئەم نامەیەم
نامەی عیشق ودڵداری یە
دیاری وشیعری خۆشەویستی
هەرزەکاری شێتانەیە
ئەی کچە فریودراوەکەی کۆلیژ
ئەم نامەیەم
بۆنی میسك وبۆنی دڵسۆزی و
پەرۆشی وخوداپەرستی و
بەهەشتی فیدەوسی لێ دێت !
وامەزانە منیش بەدوای جوانیت
کەوتووم
لەبەر ژوانی یەکجاری تۆ
لەوانەکان هەمووی کەوتووم
نانەخێرنا
هەرگیزهەرگیز واتێنەگەی
بۆدەستبازی
بەدوات هاتووم
ئازیزەکەم
من ئەزانم هەموو رۆژێ
چاوبڕینە
کەی لەدەرگای کۆلیژدێیت و
ئەم ناوە پڕپڕکەیت لەبۆن !
راستە (ئەوان )بەدوات وێڵن
بەڵام کچێ باوەرنەکەی
هەزارسوێندی درۆدەخۆن
هەربۆئەوەی لەخشتەت بەن
هەتاماوی سەرشۆرت کەن!
..........................
هۆخاتوونە نازدارەکەی کۆلیژەکەم
هەرکات هاتی دەستت برد بۆناکەم
دڵنیابە
ئەوسا دڵت ئاشنا دەبێت
ئاسودەبیت بەدەکەوێت
ئەو جوانییەی پێ ی دەنازی
ئیتر کەسی پێ ناخوازی
نەك گەنجانی کۆلیژەکەت
هەموودونیا لەیاددەکەی
لەناختەوە پەشیمانی داتدەگرێت
..........................
ئەی کچە غرورەکە
واتێنەگەی ژمارەی مۆبایلەکەت
جۆری هاندو
پەرتووك وجانتاسوورەکەت
رەنگی جل وپێڵاوەکەت
بۆنی پرچە بۆیەکراوە لوولەکەت
پێکەنینە سیحراویەکەت
نازولەنجەی هاتووچۆکەت
کەخوێنکاران سەرسام دەکات
لەدوارۆژدا کەڵك بکات
باش بزانە
جوانی بەقەد تەمەنی سێوێکە
ئەوەی قەپی لێگرت ئیتر
بۆکەسی تر ناشێ قەپی
ئەی شۆخە لەخۆباییەکە
وەرە یەك جار کڕنۆش بەرە
رەزامەندی خوا وەرگرە
ئەم نامەیەم لێ وەرگرە .
٢٠١٠/١١/٢٧ مەخموور

# پیاوان عاشقی رۆناڵدۆن و خانمانیش کاکا

کریستیانۆ رۆناڵدۆی پرتوگالی بووەتە جێگەی سەرنجی پیاوان و کاکاش بەپێچەوانەوە بووەتە جێگەی سەرنجی خانمان.

رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی بڵاویکردەوە، لەدوای گەیشتنی شاندی تیپی تۆپی پێی یانەی ریاڵ مەدرید بە چین و ئامادەبوونی هاندەرێکی ئێجگار زۆر ئەوەی نیشاندا ئەو یانەیە خاوەنی هەوادارێکی زۆرە و لەنێویشاندا رۆناڵدۆو کاکا لە هاوڕێکانیان زیاتر هەوادارییان هەیە.

لەچین ئێستا زۆرینەی پیاوان عاشقی شێوازی جلوبەرگو رێك پۆشی و



کەشخەیی رۆناڵدۆن وەك نمونش لاوێکی چینی دەیەوێت بەپێی توانای

سەرجەم هەڵسوکەوتەکانی رۆناڵدۆو شێوازی جلوبەرگ لەبەرکردنەکانی

دووبارە بکاتەوە تا هەست بکات لەو نزیکترە.

بەپێچەوانەی رۆناڵدۆ، ریکاردۆ کاکای بەرازیلی و هاوڕێی رۆناڵدۆ بووەتە جێگەی سەرنجی زۆرینەی خانمانی چین ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەدەرەوەی یاریگاش کەسێکی تایبەتمەندەو پابەندی لایەنە ئاینیەکەی خۆشییەتی و لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز هیچ کێشەیەکی دیاری لەگەڵ خێزانەکەی نەبووەو هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لای خانمان چین بەپیاوێکی نمونەیی سەیر بکرێت.

# ژمارەیەك یاریزانی ئەوروپا بەڕۆژو دەبن





هاتنی مانگی رەمەزان بۆ هەندێك لەیاریزانە پیشەگەرەکانی ئەوروپا کێشە دروستدەکات، ئەویش لەبەرئەوەی لەماوەی دو هەفتەی داهاتودا، خول و پاڵەوانێتییەکانی ئەوروپا دەست پێدەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەش یاریزانە موسوڵمانەکان سورن لەسەر ئەوەی لەم مانگەدا بەڕۆژوبن.

لەئیسپانیا چەند یاریزانێکی موسوڵمان بەردەوامی خۆیان لەسەر بەڕۆژوبون لەمانگی رەمەزاندا راگەیاندو دوپاتیانکردەوە کە ناتوانن لەبەر یاریکردن واز لەئەرکی ئاینی خۆیان بێنن.

ئێریك ئەبیدال و مەسعود ئۆزێل و کەریم بنزیمەو فرانك ریبیری دیارترین ئەو یاریزانانەن کە لەهەفتەی داهاتووەوە دوچاری نارەحەتی دەبنەوە خۆشیان دانیان بەقورسی ئەم مانگەدا ناوە.

# تیروپشکی وەرزی نوێی هەردوو خولی پلە یەك و دووی تۆپی پێی کوردستان ببینە



رۆژی شەمە ٢٠١١/٨/١٣ لە بارەگەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە شاری هەولێر تیروپشکی وەرزی نوێی هەردوو خولی تۆپی پێی یانە پلە یەك و دووەکانی کوردستان هاتە راکێشان.

ئەوەی تایبەت بێت بەکێبرکێکانی خولی پلەیەك بۆ وەرزی نوێ ئەمساڵ لەتشرینی یەکەمی داهاتوو یارییەکانی دەست پێدەکەن کە ١٨ یانە تێیدا بەشدارن و یارییەکانی بەیەك قۆناغ بەڕێوەدەچن، دوو یانەی پێشەنگ سەر دەکەون بۆ ریزی یانە پلە نایابەکان و دوو یانەش خوارەوەی ریزبەندەکە بۆ ریزی یانە پلە دووەکانی کوردستان دادەبەزن.

تیروپشکەکە بۆ یانە پلەیەکەکان بەم شێوەیە بوو: (مەخموور، پێشکەوتن، ئاشتی، سیمێل، هەڵەبجە، کۆیە، خاك، سیروانی نوێ، ئالا، سۆلاڤ، ئاسۆ، خانەقین، برایەتی، چەمچەماڵ، دهۆك، سۆران، گارە، دەربەندرینخان) .

کێبرکێکانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستانیش لەتشرینی دووەمی ئەمساڵ دەست پێدەکەن بەبەشداریی ١٨ یانە کە بەسەر دوو گرووپدا دابەشکراون، تیروپشکی یانە پلەدووەکان بەم شێوەیە بوو :

گرووپی یەکەم: کرێکاران، پیشەسازی، زەڕایەن، ئاڵتون کۆپری، چۆمان، کەیوان، دووز خورماتوو، سەرچنار، لە هەفتەی یەکەمی خولەکەش یانەی کفری چاوەڕوان دەبێت .

گرووپی دووەم: بەردەڕەش، دووبز، شەقڵاوە، ئاکرێ، دووکان، خەبات، تەئاخی، سیروانی شارەرزوور، لەهەفتەی یەکەم یانەی حاجی ئاوا چاوەڕوان دەبێت .

# لەمەخموور کۆتایی بەخولێکی تۆپی باڵە هات

**کارزان خەمگین/مەخموور**

لە درێژەی کاروچالاکییەکانیدا، بەبۆنەی راگەیاندنی ١٨ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردستان، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق– لێژنەی مەخموور کۆتایی بەخولێکی تۆپی باڵە بۆ تیپە میللییەکانی دەوروبەری هەولێرو مەخموور هێنا.

لەیاری کۆتایی خولەکەش هەردوو تیپی بنەسڵاوەو تیپی یەکی شوبات خۆیان گەیاندە یاری کۆتایی و رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لەویارییەش تیپی بنەسڵاوە توانی بەسێ گێم بەرامبەر دوو گێم



سەربکەوێت بەسەر تیپی یەکی شوبات و یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێ بهێنێت.

شایانی باسە ئەو خولە لەسەر ئاستی تیپە میللییەکانی پارێزگای هەولێر رێکخرابوو کە تێیدا ١٢ تیپ بەشدارییان تێدا کردبوو و یارییەکانیش لەشارۆچکەی مەخموور بەڕێوەدەچوو.

# شەکیرا بەچی پیکێی سەرسام کردووە؟



جێرارد پیکێی ئیسپانی و یاریزانی یانەی بەرشەلۆنە ئاماژەی بەلایەنی مرۆڤایەتی شەکیرای هاوڕێی داو رایگەیاند کە خاوەنی دڵێکی بەسۆزەو هەوڵەکانی بۆ خۆشحاڵکردنی کەسانی ترە.

لەمبارەیەوە پێکی لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری ڤانتی فێر باسی لەو پرۆژە خێرخوازیانەکرد کە یانەکەی و شەکیرا بە بەردەوامی ئەنجامی دەدەن و وتی: شەکیرا کەسایەتییەکی دەگمەنە و خاوەنی دڵێکە کە لەم رۆژگارەدا نمونەی زۆر کەمبۆتەوە.

وتیشی: نهێنی سەرسامیم بۆ شەکیرا دڵە گەورەکەی و خۆشەویستییەتی بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانناسێت و ناشیان ناسێت، ئەو کەسێکی نایابەو هەمیشە وام لێدەکات هەوڵبدەم سەرکەوتوو بم لەژیانمدا.

پیکێ هیواشی خواست کە شەکیرا لەسەر کارە خێرخوازییەکانی بەردەوام بێت و ئەویش یارمەتی دەدات، چونکە ئەوە ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە کە بەناوبانگن و پارەی زۆریان هەیە تا یارمەتی کەسانی هەژار بدەن و هانیان بدەن لەهەوڵدان بەردەوام بن تا دەگەنە ئامانجەکانیان.

## ریاڵ مەدرید داهاتی لە بەرشەلۆنە زیاتر بوو

خەندان– یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی نزیکەی دوو ئەوەندەی یانەی بەرشەلۆنە لەیارییە خۆئامادەکارییەکاندا داهاتی هەبوو.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاویکردەوە، یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لەو ٧ یارییە دۆستانەو خۆئامادەکارییەکانەی بۆ وەرزی داهاتوو ئەنجامیدا ١٢ ملیۆن و ١٠٠ هەزار یۆرۆی دەستکەوتووە، لەبەرامبەردا یانەی بەرشەلۆنە لە ٦ یاری دۆستانە خۆئامادەکاریدا تەنها ٦ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار یۆرۆی دەستکەوت کە دەکاتە نزیکەی نیوەی ریاڵ مەدرید.

یانەی ریاڵ مەدرید لە چین ٥ ملیۆن یۆرۆی دەستکەوت لەبەرامبەردا بەرشەلۆنە لە کرواتیادا تەنها ٢ ملیۆن یۆرۆی دەستکەوت.

لەگەشتەکەیان بۆ ئەمریکا یانەی شاهانە ٤ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار یۆرۆی دەستکەوت و بەرشەلۆنەش تەنها ملیۆن و ٥٠٠ هەزار یۆرۆی دەستکەوت.

## لە سێزدە یاری نێو دەوڵەتی بەشداریی کردووە

## نەوزاد شێرزاد:

# ئاستی تۆپی باڵە لەکوردستان زۆر لاوازە

**یاریزان نەوزاد شێرزاد محەمەد لەساڵی ١٩٩١ لەگەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر لەدایکبووە، لەتەمەنی هەرزەکاری رووی لەتۆپی باڵە کردووەو لەیانەی وەرزشی هەولێرو دوای هەوڵ و خۆپێگەیاندن توانی خۆی بگەیەنێتە هەڵبژاردەی عێراق و ئێستا یاریزانی تیپی باڵەی یانەی وەرزشی هەولێرو هەڵبژاردەی لاوانی عێراقە، لەدیمانەیەکی کورتدا وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە دەداتەوە.**



**کارزان خەمگین/ مەخموور**

*** دەسپێکی هاتنە ناوبواری وەرزشیت چۆن بوو؟**

– لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ چوومە نێو بواری وەرزشی باڵە لەیانەی وەرزشی هەولێرو تا ئێستاش هەر لەو یانەیە بەردەوامم، دواتر توانیم خۆم بگەیەنمە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق.

*** ئاستی تۆپی باڵە لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

– ئاستی تۆپی باڵە لەکوردستان زۆر لاوازە، ساڵی پار دەستمان بەخولێك کردووە، تا دەگەینە مانگە رەمەزانیش تەواو نابێت، هۆکاری درەنگ کەوتنیشی دەگەڕێتەوە بۆکەمتەرخەمی یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستانە، گوایە پاساوی خۆیان هەیە، بەڵام پاساویان نییە، تەنها لەبەرژەوەندی چەند کەسێکی نزیك لەخۆیانە دوای دەخەن.

*** ئەی ئاستی تۆپی باڵەی عێراقی چۆن دەبینی؟**

– تۆپی باڵەی عێراقی تارادەیەکی باش پێشکەوتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی و لێهاتوویی سەرۆکی تۆپی باڵەی عێراقی ماموستا موئەیەد، کە تارادەیەکی باش شارەزایی لەتۆپی باڵە هەیەو خۆی پێشتر یاریزانی تۆپی باڵە بووەو لەیانەی هەولێر یاری کردووە، وەکو کوردێکیش شانازی پێوە دەکەم کە سەرۆکی تۆپی باڵەی عێراقیە.

*** بەرای تۆچی بکرێت باشە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تۆپی باڵەی کوردستان؟**

– من وەك یاریزانێکی یانەی وەرزشی هەولێر، دەتوانم بڵێم هیچ شتێکمان بۆ نەکراوە لەپێداویستیەکان و هۆڵی داخراو، تائێستاش خاوەنی هۆڵێکی نێودەوڵەتی نین یاری تێدا بکەین، بەبێ بوونی هۆڵێکی نێو دەوڵەتیش وەرزش پێش ناکەوێت.

*** وەکو یاریزان لەچەند یاری نێو دەوڵەتی بەشداریت کردووە؟**

– لەخولی ئاسیا لەهەشت یاری بەشداریم کردووەو لەخولی عەرەبیش ٥ یاری بەشداریم کردووە.

*** ئەو خولەی لەمەخموور کراوەتەوە چۆنی دەبینی؟**

– من تارادەیەکی کەم یاری لەسەرخۆ ئەنجام دەدەم، بەڵام لەبەر چەند هاوڕێیەك و یاریزانانی تۆپی باڵە لەمەخموور بۆ ئەوەی خۆشیەکیان پێ بدەم، توانیم بەشداری بکەم و ئاستی خولەکەش تارادەیەکی باش بەرزبوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی ناوبژیوان تاراددەیەکیش لاواز بوو، یاریزانەکان قەرەبوویان دەکردەوەو ئێمەش وەك گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر بەناوی یەکی شوبات بەشداریمان لەو خولە کرد، کە هەموومان هاوڕێی یەکترین و بۆ خۆشی یاریمان دەکرد.

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣
makhmur@yahoo.com


بەختیار محەمەد
سەرنووسەر


عەبدولرەحمان ئادەم
دەستەی نووسەران


خەلیل پاڵانی
دەستەی نووسەران


کارزان غەمگین
دەستەی نووسەران


جەلال خەیلانی
پەیامنێر

ناونیشان
کوردستان - هەولێر
مەخموور